# هەوار...

بۆعەودە ماچکەیی

هۆنراوە: ئازاد کەریمی



عەودڵا ماچکەیی مەشهوور بە عەودە ماچکەیی هونەرمەندی فولکلۆری سەردەم،خەڵکی قەسرشیرین ی کوردستان ساڵی ١٩٤١لە دایک بووە و بە منداڵی چووەتە گوندی "ماچکە"ی مەڵبەندی"لەیلاخ". بە هۆی ئەوەی لەوێ ماوەتەوە بە عەودە ماچکەیی ناسراوە.

بەناوبانگترین گۆرانی ئەو هونەرمەندە گەلێریە گۆرانی "هەی وەی بارمەکەیە" و گۆرانیبێژی ناسراوی کورد "ناسر ڕەزازی"ش خوێندوویەتەوە. ئەو هونەرمەندە گەورە ڕۆژی شەمە ١٨ ی دێسەمبەری ساڵی ٢٠١٥ لە سنە کۆچی دوایی کرد و لەوێش بە خاک سپێردرا. ڕۆحی شاد!

باخێک لە خەندە

باڵێک پڕ لە فڕین

قەڵەمێ لە ئاوزەنگی

کەحلانی خەیاڵ

چڕنوکی هەستی برسی

چێژی ئاوازی تۆیە

لە گوڵخانەی چەمشار

هەوار

شایەتە بۆتۆ

ئەی هەتاهەتا هۆزان!

گوندە ژوور،کونەڕێ/ چوارشەمە ٧ی گەلاوێژ ٢٧١٥